# ڕۆشنبیرانی ئەوروپا  وەکوو پێشمەرگەی جارانن

دکنور فایق محەمەد گوڵپی

لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا زور پێشمەرگەم خۆشدەویست ، ئێستەش کوردە ڕۆشنبیرەکانی ئەورووپام وەك ئەوان خۆشدەوێت . ئەزانن بۆ ؟ لە بەر ئەوەی پێشمەرگەی ئەو سەردەمانە دژی بە عەرەبکردن و بە بەعسی کردن و ڕاگواستنی گوندە سنووریەکانی کوردستان ، گیانی خۆی لە سەر لەپی دەست  دانابوو . لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا  قوربانی بە خواردنی بە لەزەت و دیداری دڵدارەکەی و پیاسەی ئێوارانی شارو گوندەکەیانی دابوو . گونداو گوند ناوچەو ناوچە دەگەڕان ، هێرشیان دەکردە سەر سوپاکەی ڕژێم و گورزی کاریگەریان لێ دەسرەواندن . دەگەڕانەوە لە گوندێکی ناوچەیەکی دوورەدەستی سوپای ڕژێم لە مزگەوتێکدا ، لە ماڵە هەژارێکی لادێیەکدا ، پشوویەکیان ئەدا و ئەحەوانەوە . جارجارەش هێزی جاش و جەیش وەدوویان دەکەوت و دەرفەتی پشوودانیان لە  دەست دەچوو . هەندێ جاریش پێشمەرگە دەکەوتە کەمینی دوژمنەوە ، شەهید دەکرا ، یان بە دیل دەگیرا ، دواتر سزای جۆراو جۆر : هەڵواسین ، زیندانی تا هەتایی بۆ دەبڕایەوە .

بۆ هاو هەڵویستی لە گەڵ پێشمەرگەدا ، ساڵی 1976 پێوەندیم بە ڕێکخستنێکی سیاسی کوردیەوە کرد ، بۆ هاوسۆزی لە گەڵ پێشمەرگەدا  ساڵی 1977 لە پرۆسەی سەرژمێری عێراقدا ناوی خۆم تومار نەکرد ، بەمانەش هەر لە خۆشەویستی  پێشمەرگە تێر نەبووم ، سەرەتای ساڵی 1982 چوومە لایان ، بەردەوام نەخۆشی و برینە کانیانم دەبینی و ساڕێژم ئەکردن ، هەندێ جار جل و بەرگی خۆم ئەدایە ئەو پێشمەرگانەی بریندار ئەبوون و جلەکانیان خوێناوی دەبوو 0پێشمەرگەی جاران برنەو وکەڵشینکۆفی لە شاندەکرد ، تاقمی لە پشت دەبەست بۆ داکۆکی لە ما فەکا نمان ، ڕۆشنبیری ئەمرۆ لە دەرەوەی وڵات قەڵەم و کومپیەتەری لە باوەش گرتووە بۆ داکۆکی لە مافەکانمان ، پێشمەرگەی جاران لە سنووری ناوچە ڕزگارکراوەکان بۆ تێکۆشان خۆی ئامادە ئەکرد ، ڕۆشنبیری ئەمرۆ لە سەر لاپەڕەی ماڵپەڕەکان خۆی بۆ  خەبات   ئامادەدەکات . لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا پێشمەرگە لە ناو شارەکاندا دۆستی هەبوو ، بە ناوی خوازراوەوە نامەی بۆ دەناردن ، ئەمانە پێیان دەوترا ڕێکخستنی نهێنی ، ئێستەش ژمارەیەکی کەم لە ڕۆشنبیرانی ناوەوەی کوردستان بە ئیمەیڵەکانیان بە ناوی نهێنی پێوەندی بە ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵاتەوە دەکەن و لە هەواڵەکان ئاگاداریان ئەکەنەوە .

لە سەردەمی خەباتی چەکداریدا ژمارەی پێشمەرگەو  ژمارەی ڕێکخستنی نهێنی کەم بوو ، زورینەی قەڵەم بە دەستان بۆ ڕژێمی داگیرکەری کوردستانیان دەنووسی ، ئەمرۆش ژمارەی ڕۆشنبیری بە هەڵوێستی دەرەوەی کوردستان و ناوەوەی کوردستان کەمە ، زوربەیان بۆ دابەشکەرانی کوردستان و شاگردەکانی سەدام دەنووسن . بەڵام پێشمەرگە لە بەر ئەوەی ڕێبازێکی ڕاست و هەڵوێستێکی شۆڕشگێری  هەڵبژاردبوو، سەرکەوتنی بەدەست هێنا ، ڕۆشنبیرانی دەرەوەی وڵاتیش هەرچەندە کەم بن ، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕێبازەکەیان وەرچەرخانی دیموکراتیانەی کوردستانە ، هەڵوێستەکەیان نەتەوەبیاەکی ئاشتیخوازانەیە ، لە گەڵ هاوکارە کەمەکانی ناو کوردستاندا هەر سەردەکەون ، ئەوەی ئێستە  منی نارەحەت کردووە   نازانم چۆن ڕێز و خۆشەویستی خۆم  بۆ ئەم قارەمانانەی ڕیگەی ڕیفۆرمی کوردستان دەربڕم ، ڕێزو خۆشەویستی خۆم بۆ ئەوانەیان بخەمە ڕوو کە دەکەونە کەمینی هێزەکانی ....هاوهەڵوێستی لە گەڵ ئەوانەیاندا بنوێنم کە هەڕەشەیان  لێدەکرێت .